# کێشەی کورد و دوارۆژی عێراق

بارزان شوان - سوید

دێرزەمانێکە ئێمەی کورد لە شوێنی خۆماندا دەخولێینەوەو لە بازنەیەکی داخراودا گەمارۆ دراوین، بە مانایەکی دیکە وەک پەلەوەرێک هەمیشە لە نێو سەرچاوەی کانیاوێکی ووشکدا دەسووڕێینەوە و تامەزرۆی خواردنەوەی دڵۆپێک ئاوی سازگارین ، ئەمەش لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ نەزانین و بێدەسەڵاتی و بێپلانی وناڕێکی لە ماڵی کوردیدا کە نەمانتوانی نە لەپێش وە نەبەدوای کەوتنی ڕژێمە گۆڕبەگۆڕەکەی سەدام، بنەمایەکی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی کوردی بۆ کوردو کوردوستان دابڕێژین ، ئامێریکی وەچەرخ و تەواو بۆ ڕزگارکردن و ئازادی هەرێمەکەمان بە شاری کەرکوکەوە ئامادە بکەین، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو ناکۆکیە سیاسیانەو ئەو هەڵە گرێدراوانەی سەر پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردوستان کە هەر یەکەیان لە ئاوزێکیان بۆهاوڵاتانی کوردی ناو هەرێمەکەو و بۆ دەسەڵاتەکانی دەرەکی کوردوستانیان دەژەن، بۆ نموونە هەر لە کۆبونەوەکانی بەرەی بەرهەڵستانی نیشتمانی عێراقی لە دەرەوەی ووڵات و هەتاوەکە ئەوەی لە هەوارگەی سەڵاحەدین دواجار ئامادەی بوون،خویایە کە بەرەی کوردی هەردەم ناکۆکی لەسەر داهاتوی هەرێمەکە هەبوو، چونکی بە دوو بۆچوون و دوو ستراتیجی و دوو هەرێمی جودای کوردی و لەگەڵ خەڵکان و پارەتە پێکهاتوەکانی تری عێراقدا لە ناو بەرەکەدا بێ پلان ڕۆڵیان دەبینی ، بۆ نموونە پارتێکی کوردی داوای فیدراڵیەتی بۆ شارەکان دەکرد(فیدراڵیەتی موحافەزات) لەبەر ئەوەی پەرژەوەندی ئەو کاتەیان، مانەوەی ئەو شارو ناوچانەی ژێر دەستیان بوو کە وەک خۆی بمێنێتەوە بێ ئەوەی هیچ داڕێژێک بۆ داهاتوی میللەتەکە بکەنەوەو خەلکێکیش هەبون بۆ بەرژەوەندی تاکی خۆیان بە گوڕ چەپڵەیان بۆ لێدەدان، پارتەکەی تریشیان داوای دەسەڵاتی مەرکەزیەتی هەرێمەکەی دەکرد بەبێ ئەوەی ئاماژە بە گرنگترین شاری کوردی بێنن کە ئەویش شاری کەرکوک بوو، ئەوەی من بۆی دەچم ئەم سیاسەتمەدارانەی کوردی کورتبینانە بیردەکەنەوەو لە هەمانکاتیشدا بەرژەوەندی خۆیان وەک دەسەڵاتداری سەر پارتەکایان بە گرنگتر دەزانی لە خاڵە ئاڵۆزەکانی دۆزی کورد، جا تازە ئەورۆ گەلێک درەنگە بۆ وەدەستهێنان و بەدیهێنانی ئەو بنیاتە نەتەوایتیانەی ئەوان لێی دەدوێن، چونکە هەر پێشهاتێک دەبێت لە کاتی گونجاوی خۆیدا بەجێبهێنرێت، لە هەمانکاتیشدا دەیانەوێت دەنگی تاکی کوردی بخنکێنن کە گوایە سەکردەکان هەر بە خۆیان خەمی دۆزی کورد دەخۆن و کەسی تر بۆی نیە خۆی تێقورتی ئەو بابەتە سەرەکیە بکات ئەویش هەر بۆ ئەوەی ترسی خۆپیشاندان و ڕێپێوانی مێشکی گەرمی خەڵکی کورد دابمرکێننەوە. من نامەوێت زیاتر لەو بارەوە درێژە بدەم چونکە ڕوونکردنەوەی ئەمڕۆی ئەو بابەتە لە گەڵ بۆچونەکانی پێشهاتەکانی ئەو کات جیاوازە واتە ناکرێت کای کۆن بە بادا بدەمەوە

من دەمەوێت کورتە باسێک لەسەر ئایندە ترسناکەکەی وڵاتە تێک ئاژاوەکەی خۆمان بڵێم کە تا ئێستاش هەر بە ناوی عێراقەوە ماوەتەوەو ناو دەبرێت ، هەر لەو ڕۆژەوەی ڕژێمی کۆن نەماو میللەت چاویکردەوەو تاکی خەڵکی لە ناو سنوری عێراقدا بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی پڕ لە ئازادی و سەربەستی هەنگاوی نا، کەسێکی شیاو نەبوو ڕێنمایان بکات ، جگە لەوەش مخابن زۆربەی ئەو ڕابەرو کۆمەڵە ڕێکخراوانەی نێو کۆمەڵگای عێراقی بوێرانە لە ئاستی ئەو گۆرانکاریە گەورەو پێشهاتە خێرایانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ڕوویان دا هەر نەبوون، هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە سەر پچڕاندنی بنەما سەرەکیەکانی ڕۆشنبیر نەبوونی میدیاکان کە سەربەستانە لە کۆندا بۆ ئاگاداری و ڕۆشنبیری هاوڵاتیانی عێراق بە پێزانینی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە جیهاندا ڕووی دەدا کەمتەرخەمانە هەنگاوی دەنا، بە تایبەتی لەو ٣٥ ساڵەی میللەت لە ژێر دەستی بەعسدا دەیناڵاند.

دوای ئەو هەموو گۆرانکاریانەی کە بە بنەمایەکی هەڵە دروست بوو و لە سەردەمی حاکم برێمەردا شکستانە هەڵچنران کە دوور نیە ئەویش لە دوارۆژدا بە سزای ڕەوای خۆی بگات، شێوەو بیرکردنەوەی کۆمیتەی دروستکردنەوەی عێراقی بە بێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ کەسایەتی دەسڵاتدارانی ڕاستەقینەی عێراقی دابنێت، لە ناخەوە ڕەگیانی هەڵکێشاو گرێکانی هەڵوەشاندەوە وە لە هەمان کاتدا خەڵکانێک کە پشتیان بە سوپای ئەمریکاوە بەستبۆوەو هاو پەیمانیان بوون بۆ بەرێوەچونی پەرژەوەندی دزی و جەردەیی خۆیان بە هەموو گروپەکانەوە و بەبێ ئەوەی هیچ بیرکردنەوەیەکی گشتی لە بنەماکان وپێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی بکەنەوە، گەندەڵی گەیشتە ئەوەی مڵ کەچیش بکەن بۆ داخوازیەکانی برێمەر و بوونە هۆی پەرەسەندنی هێزی قاعیدەو بەعسیەکانیش.

ئیرو لە سەر کورد پێویستە کە بگاتە خاڵی کۆتایی بڕیار دان بۆ ئەوەی سەرقاڵی نە خۆیان بن و نە کەسانی پەیوەندیداری ئەزمونی کوردیش بن، نەوەکە تەنها بە قسەی زڵ و هەڕەشەکردن بێت لە گروپانی دی ڕێگای خەبات و نە ووڵاتانی ئیقلیمی دارودراوسێکانی تریش لە خۆ بهەژێنن و بە بێ هیچ بنەمایەکی ستراتیژی ئێستاکەیی ڕاستەقینانە، بەڵکو ئەو ڕووداوانە تەنها جارێکی تر تەنها بۆ کپکردنەوی دەنگی کوردن و هیچی دی.

ئێمەی کورد هەمووومان پشتگیری لە ووتەکانی سەرۆک بارزانی دەکەین و بەڵکو خۆشمانی بۆ بە فیدا دەکەین چونکی ئەو گوتانە ڕەگی لە ناخی دەروونی هەموو کوردپەروەرێک داکوتیوە ، بەڵام کاتێک سەرۆک ئەو هەموو کڵپە ئاگرینە دەرژێنێتە سەر شەقامی کوردی ، ئایا تا چ ڕادەیەک خۆی لە بویەر و ئایدیلۆجیەتی کوردی دەگونجێنێت، چونکی تا ئێستا بەشە جیاوزەکان و پارتە جیاوزەکان و نەتەوە جیاوازەکانی ناو هەرێمی کوردستان هیچ ڕەنگدانەوەیەکی بە کردار پێوە دیارنیە کە لە کاتی پێویست و تەنگانەدا هەمان هەڵوێستیان هەبێت و هاوخەباتی خەڵکانی ماف خوراوی کورد بن، ئەمە لە لایەکەوە لي لایەکی ترەوە چۆن خەڵکانی سادەی کورد باوەڕی بەو بۆچون و قسە هەنگوینانەی سەرۆک بکەن کە تا ئێستا هەوڵی لەناو بردنی خۆفرۆش و گەندەڵ و فایلدارەکانی کۆنی کوردی نەدابێت و بە سزای خۆیانی نەگەیاندبن و بەڵکو ئێستا شکۆدارتر بوون و ڕاشکاوانەش داکۆکی لە کردەوەکانیان دەکەن، دوور نیە هەر ئەمانە کە دژایەتی میللەتەکەیان لێ بوە بە پیشە جارێکی تریش پاشقولمان لێبگرنەوەو ببنەوە بە جاش و سیخوری ناو خۆی عێراق و مەرامە شاردراوەکانی حاکمانی تورک و عارەب و فارس بهێننەوە دی و بێباکانە دژایەتی ئەم گەلە کۆڵنەدەرە بکەن کە تاوەکو ئێستاش هیچ درندەیەک نەیتوانیوە پشتی بشکێنێتەوە، کردەوەکانی ئەو جاشانە بۆ کوردان زۆر ڕوون و ئاشکران کە هەر دەستی پیسی ئەو تاوانبارانەن هانی چەند کەسانێک دەدەن بۆ پێکهێنانی یاسایەک بۆ خۆ ڕزگارکردنیان لە دادگای ڕەوای میللەت و بە دەنگی میللەت دەیانەوێت کردەوە جاشایەتیەکانیان لێمان بکەن بە خەباتگێڕی و شۆڕشڤانی، جا نازانم چلۆن دەبێت بە دەنگی تاقە خەباتگێڕێک هەموو جاشەکان ئازاد بکرێن، واتە دەسەڵاتدارانی کوردی ئەورۆ خەلکانێک فێر دەکەن و هانیان دەدەن خیانەت لە گەلەکەیان بکەن و بەیانیش خۆ هەر لێیان دەبوردرێت و عەفو دەکرێن( بانێکەو دوو هەوا). لە هەمانکاتدا گەندەڵە دەسەڵاتدارەکانی کورد بەردەوام پاشایانە لە ناو خودی کوردوستاندا بێباکانە بۆخۆیان ڕادەبوێرن و لە تەڕ دەخۆن و لە ووشکیش دەنون ، ئەمە هەڵەیەکی مێژوویيەو پێویستی بە ڕێگاچارەیەکی بنەڕەتیە، ئەگەر ئەورۆ چارەسەریش نەکرێت ئەوا مێژوو باشترین بەڵگەیە کە ترسی ئەم پوچەڵانە لە داهاتودا بە شێوەیەکی ناشرینتر دەبێت و هەنگاویش دەنێن بەرەو کردەوەی خراپترو زیاتر میللەتیش دووچاری ئازار دەکەن.

ئەوەی کە من لە ئایندەی عێراق دەخوێنمەوە، مانەوەی سوپاکانی ئەمریکیە بۆ ماوەیەکی درێژتر، دووریش نیە لە بەرژەوەندی ناوچەکەش بێت بە مەرجێک کە نەبێتە بەڵگەیەک بۆ لێدانی ئێران چونکی ئەمریکیەکان بە نیازن هێدی هێدی سوپاکانیان لە ناو شارەکان بکشێننەوەو ڕەوانەی سەر سنورەکانیان بکەن بەتایبەتی سنوری ئێران ئەویش بێگومان بۆنی لێدانی کارخانە نەوەویەکانی ئێرانی دەگرێتەوەو دەستی ئیسرائیلیشی ڕاستەوخۆ تێدایە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی تۆڵەسەندنەوەی سوپای پاسدارانی ئێرانی بۆ هەڵمەت بردنە سەر پەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناو عێراقدا، لەم کاتەدا ئێران بە هەموو شێوەیەک بەرەنگاری لە تێکەڵاوبونی خۆیان و دەستو بەرەکەی خۆیان دەکەن لە عێراقدا و ناوچەی کوردستانیش دەبێتە بەشیک بۆ ناردنی ئەنساری ئیسلام و فیداییەکانی موسڵامنی بیانی و قاییدەی ئەفغان، کە ئەمانەش بەخۆیان بە هیچ جۆرێک چاوی بەزەیی و ترسی خودا لە گیانییاندا بەدی ناکرێن و کوردو کوردستانیش دەبێتە بەشێکی تری تێرورستان و لە ناو بردنی ئەو بنەمایەی لەم چەند ساڵانەی دوییەدا دروست بون دووبارە کاول دەبنەوەو خاپور دەکرێن، نابێت لەبیرمان بچێتەوە کە ئێستاش هەندێک لە توندڕەوە موسڵمانەکان و ئەوانەی بە مێشکێکی نزمەوە تەماشای پێشکەوتن و مۆدێرن کردەنەوەی کوردستان دەکەن دەست بە جمو جوڵی سیاسی و تێکدانی ئابوری کوردستان دەکەن، وە بەڵگەش بۆ ئەو مەرامانە ئەو تاقیکردنەوە سەرنەکەوتوە بوو کە لەم دوایەدا لە سەر سنووری کوردوستان بەجێیان هێنا. بەڵام ئەگەر ئەمریکیەکان پلانێکی تریان بۆ دامرکردنەوەی بارودۆخی ناو ئێراق هەبێت ئەویش سەپاندنی هێزێکە لەو هێزانەی ئەمڕۆ لە ئێراقدا بنکەیان داکوتیوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات وەک شیعەکان کە لە زۆرینەی پێکهاتەی ئەم وولاتە پێک هاتوون، ئەم بۆچوونەش لە ڕاستیدا زۆر دوورە لەدۆزەکەوە چونکی باڵانسی سیاسەتی ئەمریکی لە ناوچەکەدا سەرانسەر دەگۆڕدرێت و زۆربەی ووڵاتە عارەبە سەر بە سوننەکان لێی هەڵدەگەڕێنەوەو سیاسەتی نەوتی ناودورگەی فارسیس دەبێتە هۆی بەرپابوونی ئاگرێک کە کوژاندنەوەکەی مەحاڵ بێت.

بەڵام ئەگەر ئەمریکیەکان نیازیان هەبێت بەشیک لە شیعەکانی سەر بە خۆیان ڕازی بکەن کە لەگەڵ زۆرینەی سونە دەسەڵاتدارەکانی کۆندا حکومەتێک پێک بێنن، ئەوە بەردەوام شەڕی تایفەچێتی پەرە دەستێنێت، دووریش نیە هەر وەک هەموو شەڕەکانی براکوژی ناوخۆیی لە جیهاندا زیاتر لە دە( ١٠) ساڵ درێژە بخایەنێت، ئەمەش لە ڕووی ئابوری و سیاسی ئیقلیمی ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە توانای خۆڕاگری ئەوماوە درێژە ناکات، بەڵکو شەڕەکە ئەو کاتە تەشەنە دەستێنێت وباڵ دەکشێنێتە سەر سوریاو لوبنان و ئیسرائیلەوە. ئەگەر ئەمریکیەکان لە دوای هەموو تاقیکردنەوەیەکی سیاسی بگەنە ئەوەی وڵاتەکە دووبارە بە ناوی کۆدەتایەکی سوپایی بخەنەوە ژێر دەستی دکتاۆرێکی تری سەر بە خۆیان، ئەو کاتەش گشت هاوڵاتانی ئەمریکی و خەڵکانی عێراق دژی دەوەستنەوەو پڕۆسەی بە دیموکراتیکردنەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە عێراقدا کە گوایە سەرەتای پرۆسەکە لەوێوە دەست پێدەکات دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر خاڵی سفر.

ئەوەی کە زیاتر بۆ ئێمەی کوردو زۆرینەی خەڵکانی عێراق شیاو و لۆجیک و گونجاو بێت، بەردەوامی بوونە بە خواستن و بەجێهێنانی پرۆسەی فیدراڵیە بۆ ماوەیەکی کورت و چەسپاندنی کۆنفیدراڵیە بۆ ماویەکی درێژخایەنی ڕۆژانی داهاتومان. ئەگەر هاتو هەر لە دوێنێوە کورد بە مەچەکی خۆی دەستی بە خۆ ئامادەباشی نەکردبێت بۆ گەڕانەوەی شاری کەروک بۆ سەر هەرێمی کوردوستان ئەوا ڕۆڵی کورد و چەسپاندنی یاسای ١٤٠ ی سەر بە دەستوری عێراقی بێگومان وەک یاسا جێبەجێنەکراوەکانی تری سەر بە هەمان دەستور لە بن گۆمدا خۆی بزر دەکات.



دەروون
دونیا

## هۆکارەکانی پشت کوشتنی دوعا

ئەم وڵاتەی کەبەزۆر ناونرا دەرگای ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانی عەرەب، ساڵەهای ساڵە شەلاڵی خوێنە، کەس بەزەیی پێداس نایەت، زەمانێکە شمشێرەکان لەملی بێ گوناە و بێ تاوانەکان دەسوێنرێ، کەس باسی ناکات، سەدان ساڵە چ بەزۆر چ بەخوایش کۆمەڵێ نەتەوەو ئاین و مەزهەبی جیاوز لەم وڵاتە پێکەوە دەژین، ئەگەر سیاسەتی چەوت و دەستی چەپەڵ نەبووایە لەهیچ کاتێکدا دوژمنایەتی قڵ لە نێوانیان دروست نابوو، ئەوانەشی کە بووەو ڕوویداوە لەنێوانیان ئەنجامی نەخشەو پلانێکی وورد بووە لەلایەن کەسانێکی زۆر زیرەک و دانا لەبواری دروستکردنی ئاژاوە لە نێوان دوو لایەن لەمێأوی نزیکی عێراق دەستەیەک لەو خەڵکە بێ ویژدان و خوێن ڕێژە زیاتر لە ٣٥ ساڵ تۆوی دووبەرەکی و فیتنەییان لەم وڵاتە چاندو بەخوێنی خەڵکی ئاویاندا.. دوای گۆر بەگۆر کردنیان چونکە بەشێکی زۆر لەو خەڵکە گیانی شۆڕشگێری و لەخۆ بووردنیان تیابوو هەر زۆر زوو دەست لەملانێی دۆست و براکانیان بوونەوە.. ئەوەی کەبەئاشکرا لەکوردستانی عێراق بینرا هەڵوێستی یەزیدییەکان بوو لە بەرامبەر سسۆزی نەتەوەیی کورد کەجاران نەیان دەوێرا بەئاشکرا باسی بکەن.. هەڵوێستی یەززیدییەکان و پشتگیری و پشتیوانی کردنیان لە حکومەت و حزبە کوردیەکان، بەتاییەت لەهەندێ ناوچیی هەستیاری نزیک شاری موسڵ عەرەبەکانی تەواو نیگەران کرد، بەتایبەتی بەعسیەکان. بۆیە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بونە کە نەهێڵن یەزیدییەکان بەکوردەوە بنوسێن و لەوناوچە هەستیارانە ببن بەقەڵای کوردایەتی بۆ نیشتیمانی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش چاوەڕێی فیتنەیەک بوون کە ئاگرەکەی پێ داگیرسێنن. خوا کردی و بەهۆی کەم شارەزایی و نەزانینی خۆیان و هەندێک لەدەسەڵاتی حزبی، حزبێکی گەورەی کوردستان (دوعا) خان و خۆشەویستە بەناو ئیسلامەکەی کەوتنە ناو تۆرێکی ئاژاوە گێرییەوە کەدواتر کچەکە کۆتایی هات بەناشرینترین ڕەفتارو کوشتنی سەردەم، هەموو تاوانی ئەو دوو خۆشەویستیەش بریتی بوو لەوەی کە کچەکە لەئاینی یەزیدی هەڵگەراوەتەوە بووە بەئیسلام.. کوشتنی دوعا ئەگەرچێ بەدەستی کۆمەڵێ خەڵکی نەزان و کاڵ فامی ئاینەکەی خۆیان بووە کەرەنگە فەرمانی کوشتنەکەیان لەمیرێکی گەورە یان دەسەڵاتێکی گەورەوە بۆ هاتبێ، بەڵام دواتر سودو قازانجێکی گەورەی بەخشی بە کۆنە بەعسییەکان و ڕێکخراوی قعیدەی ئیسلامی، لەلایەک قازانجیان لەوە بینی بەهۆی ئەوکارە دزێوەوە کۆمەڵی خەڵکی دیکە لەموسڵ و دەوروبەری بوون بەقوربانی بەمەش دەنگی نارەزایی کورد لەوناوچانە دەکەوێتە مەترسییەوە لەبەرامبەر ئەو عەرەبانەی کە نایانەوێ ڕەوشی سیاسی عێراق ئاسایی بێتەوەو مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێ، لەلایەکی ددیکە گومان لەدڵێ کۆمەڵی یەزیدی دروست دەکەن بەرامبەر ڕاستگۆیی کورد لەسیاسەتەکانیان لەگەڵ ئەوان بەمەش ڕەنگە بڵێن جارانمان خۆشتربووە لەئێستا.. سەرجەم ئاماژەکان، بەتایبەتیش ئامادەبوونی کۆمەڵێ کامێرا لەکاتی کوشتنی (دوعا)دا ئەوە دەردەخەن کەدەستێکی مەترسیدار لەپشتی کوشتن و گرنگی دان بە کوشتنەکەیەوە هەیە، ئەگینا بۆچی ڕۆژانە خەڵک دەکوژرێ و ژنان تیرۆر دەکرێن بەم شێوەیە گرنگی پێنەدراوە.

# دەوڵەت، نەتەوە

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی: هەشتەم



هۆکارەکانی یەکپارچەکردن و تەبایی جێبەجێ دەکات، دەبینرێتەوە)) بەم پێیە، ئاڵمۆند بەباشی زانیوە کە رستەی ((ناچارکردنی ڕەوای جەستەیی)) لەباتی ((دەسەڵاتی ڕەوایانە))ی ئیستۆن دابنێ. حەزیەتی دەسەڵاتی ڕەوا بە ((ناچارکردنی ڕەوای جەستەیی)) پێناسە بکات. پاساویش بۆ بەکارهێنانی ((ناچارکردنی جەستەیی)) ئەمەیە کە ئەم رستەیە یارمەتیدەری جودا کردنی سیستەمە سیاسیەکانە لەستستەمە کۆمەڵایەتیەکانی تر. ئاڵمۆند لەبەکارهێنانی وشەی ڕەوا لەگەڵ ناچارکردنی جەستەیدا، دەیەوێ بەتەواوی ئاشکرای بکات کەسیاسەت بەتەواوی بەهێزو زۆرە ملێ نازانێ. ئەمەش هەم ڕەوایی سیستەم و چۆنیەتی تایبەتمەندیەکانی و هەمیش یەکێتی یەک سیستەم پیشان دەدات.

بە بۆچونی (دال) هەر سیستەمێکی سیاسی لەبەرانبەر سسیستەمێکی تری سیاسیدا بەدوای پرەسیپی دژ بەیەکدا دەگەڕێ: ((دژ بەیەک و ڕێکەوتن)) دوو لایەنی گرنگی سیستەمی سیاسین کەسانێ کە لەگەڵ یەکتردا دەژین، هەرگیز دەربارەی هەموو شتێک پێکەوە هاو دەنگ و یەک ڕانین. بەڵام ئەو خەڵژانە گەر بیانەوی پێکەوە بژین و بەردەوامی بەو جۆرە ژیانە بدەن ناتوانن بەدوای پرەسیپە دژ بەیەکەکاندا بچن. بەباوەری دال هەموو بیردۆزە سیاسیەکان هەستیان بەو دوفاقیە کردووە، بەڵام بەشێوەی ئاسایی هەمیشە جەخت لەیەکێکیان زیاتر لەویتر دەکەنەوە. یەکێ لەوانەی کە ئەو جەختە دەکاتە (هابس)ە، پێی وایە مرۆڤ حەز لەبەدوا داچوونی ئامانجە دژ بەیەکەکان دەکات، ئەو بیردۆزانە هەمیشە ئامادەن جەخت لەدروست کردنی و پێکهێنانی دەسەڵات و دەسەڵاتی ڕەوا وەک ((چەق بەستوو، گیرایەڵی، ئەمەکداری، تەبابوون، ناچارکردن، ئەرک و پێبەندی)) بکەنەوە. بەپێچەوانەی ئەوانە (ئەرەستۆ) و (ڕۆسۆ) جەخت لەسەر حەزو زەوقی لەرادە بەدەری مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی هاوکاری دەکەن و پێ داگری لەو هاوکاری و کۆمەکانەی کەسیستەمی سیاسی و دەوڵەتان تەرخانی دەکەن بۆ مرۆڤ.

### ٣- نەتەوەو نەتەوایەتی

بیرمەندان، توێژەرەوان، سیاسەتمەداران و وڵاتیانی ئاسایی بەشێوەی جۆراو جۆر دەستەواژەکانی نەتەوەو نەتەوایەتیان بەکار هێناوەو ڕاڤەیان کردووە. بەزۆری نەتەوە لەگەڵ نەتەوایەتیدا تێکەڵ دەبێ و بەدژواریش لەدەوڵەت جیا دەکرێتەوە. لەم ڕوەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (نەتەوە)و (نەتەوایەتی) لەئەدەبیاتی سیاسی ڕۆژئاوادا لاوازیەکی زێدە هەیە. هەندی لە توێژەرەوان ئاماژەیان بەبوونی نەتەوەکان و نەتەوایەتیەکان تەنانەت چاخی کەو نارای مێژووی مرۆڤدا کردووە. بەڵام دەربارەی خەسڵەتی مێژوویان بەشێوەی گشتی هاودەنگی هەیە.

### A_ پێناسەی نەتەوە و نەتەوایەتی

بەپێی زمانناسی (اشتقاقی) (وەرگرتنی وشەیەک لە وشەیەکیترەوە) دەستەواژەکانی (نەتەوە) و (نەتەوایەتی) لەزاراوەی لاتینی (natio) کەبەمانای لەدایک بوون یان دونیای هاوبەشە، وەرگیراوە، بەڵام توێژەرەوانی سیاسی ئەم دەستەواژانەیان لەمانا لەیەک جیاوازەکاندا بەکار بردووە.

(ئالفرید زیمرن) ( Alfred E.zimmern) نەتەوایەتی وەها پێناسە کردووە: (( شێوەک لەهەستە هاوبەشەکانە کە لەشەوق و سۆزو دڵبەندی و بەمەزن زانینی نیشتمانەوە سەری هەڵداوە.)) (بارنس)یش (banes) نەتەوایەتی بەمەزانیوە کە (( ناوێکی گشتیە کە بەکۆکردنی هۆکارە پێکەوە چنینراوە دەروونی و فەرهەنگیەکان کەبنەمای هاوپشتی و یەکێتی بەخشی یەک نەتەوە گەشە پێ دەدەن، دراوە.)) بەبروای (ئۆپنهایمەر) (oppenheimer) ((ئاگا بوون لە نەتەوایەتی، نەتەوە بەدی دێنێ))

(جیمز بریس) جۆرێکی دیکە بیر دەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو، نەتەوایەتی بۆ ئاماژەکردن بەخەڵکی کە هێشتا سەر بەخۆییان بەدەست نەهێناوە بەکار دەبرێ. ئەو لەو بروایەدا بوو کەیەک نەتەوە ((نەتەوایەتیەکە کەخۆی لەنێو یەک کۆمەڵی سیاسی سەربەخۆ، یان تامەزرۆی سەرخۆبووندا ڕێکخستبوو.)) (ئستالین)یش دەستەواژەی (نەتەوایەتی)ی بۆ ئاماژە کردن بەتاقم و دەستە بەندیگەلێکی سەر زەمینی مرۆڤگەلێک کە لەئاکامی تێکەڵی تیرەکان و گروپەکانی ڕەگەزی لەچاخە کوناراکان و فوداڵی مێژووی بەشەر دروست بووە، بەباوەری ئیستالین، نەتەوایەتیەکان بەبوونی زمانی هاوبەش دیاری دەکران.

بۆچوونەکانی بیریارە ناوبراوەکان سەبارەت بە نەتەوایەتی هیچ زەمینەیەکی هاوبەش ئاشکرا ناکات. لەکاتێکدا کە (زیمرن) و (بارنس) و (ئۆپنهایمر) نەتەوایەتیان بەشتێک زانیوە کەچۆنیەتی ناخ و دەرونی هەبێت و ئیستالین ئەوی بەشێوەیەک دەستەبەندی مرۆی لەقۆناغێکی دیاریکراوی تەکاملی کۆمەڵایەتی مرڕۆڤ دەزانێ. لەهەمان کاتدا، (بریس) لەو باوەڕەدایە کەپایەی بنەڕەتی جیاوازی ئەم دوانە ئەوەیە کە نەتەوە لەرووی سیاسیەوە کۆمەڵێکی ڕێکخراوی خەڵکێکە کەلەپێشدا سەربەخۆ بووە یان هیچ نەبێ بەتاسەی سەربەخۆ بوونن، بەڵام بەرای ئیستالین، نەتەوە لەنەتەوایەتی پێکەوە تۆکمەو پشت بەیەکەوە بەستراوترە کە بەهەبوونی زمانی هاوبەش بەشێوەی ڕێژەی بەیەکەوە گرێدراون و ئەم هاوپشتیە بەشێوەی لەئاکامی کرداری هێزە ئابووریەکانەوە بەدیهاتووە. هەروەها بەبۆچونی ئیستالین نەتەوە بەمانای بوونی جوداکانەو دەوڵەتمەداری سەربەخۆ نیە. بەباوەری ئەو لەبارودۆخ و کاودانێکی تایبەتدا زۆرباشە و ڕەنگە باشتر وابێ کە نەتەوەکان یەکبگرن و دەوڵەتی چەند نەتەوەیەیی لەسەر بنەمای یەکسانی تەواو نەتەوەیی، دیموکراسی بەرقەراربکەن و بەبێ فەرق و جیایی کردن دایمەزرێنن.

دەبێ ئەومان بیر بێتەوە کە دەستەواژەی نەتەوەیی لە چەمکێکیتر واتە بۆ ئاماژە بەرێ و شوێنی (موقعیت) یاسایی و هاوڵاتی بوونیش بەکاردێنن. لەسەفەرەکان بۆ دەرەوەی یەک وڵات چەنها کەرەت پرسیار دەکرێ سەر بەکام نەتەوایەتی دەبێ. مەبەستی پرسیار کار بەئاسایی ئەمەیە کە بزانێ ناوی ئەو دەوڵەتە چییە ئەم کەسەی لێوە هاتووە. لەبەکارهێنانی گشتیش، ئەم زاراوەیە سەبارەت بەو گروپە نەتەوەییانەی کەلە دەوڵەتە چەند نەوایەتیەکاندا دەژین بەکار دێت بۆ نموونە لە سویسرە سێ نەتەوە هەیە: ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالیایی، ولە بەریتانیا (ئسکوتلەندی) و (ویلیزی)یەکان هەن.